لیوا یەحیا ڕەسول بەردومانەکەی سلەمانی ئاشکرا کرد لەلایەن کە ئینجامدرا

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول لەبارەی بەردومانەکەی شاری سلەمانی ئاشکرای کرد کە لەلایەن تورکیاوە ئینجامدراوە و ڕایگەیاند: "بەردومانەکەی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت لە سلەمانی لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانەوە بووە کە لە سنووری تورکیاوە هاتنە ئاسمانی عێراقەوە"، هەروەها وتیشی: "تەقینەوەکە بووە هۆی کوژرانی سێ پاڕێزوانی دەزگای دژە تیرۆر و بریندارببوونی سێ کەسی دیکە، ئێم هەرشە پێشێلکردنی سەروەری و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی عێراق و پێشێلکردنی ئاشتی و ئاسایش و هەڕەشەیە بە سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و پێشێلکردنی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئامانجەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە".